# ژن و کلاون

حەمەسەعید حەسەن

ئەگەر ژنێک خۆشی بوێیت، ئەگەر ژنێک لە نێو بێشکەی سۆزی خۆیدا ڕاتبژەنێت، هیچ دوور نییە دەست بەسەر هەموو دنیادا بگرێت. دەست بەسەر دنیادا گرتنێکی هونەری، وەک چایکۆڤسکی دەستی بەسەر دنیادا گرتووە، یان ئەدەبی، وەک سێرڤانتس دنیای داگیر کردووە. پیاو هێندە لەژێر کاریگەریەتی ژندایە، ئەگەر بلّندترین پلەوپایەی لە کیس بچێت، بەرگە دەگرێت، چی سامان شک دەبات، بیدۆڕێنێت، ورە بەر نادات، وەلێ ئەگەر ژنێک جێی بهێلّێت، هیچ دوور نییە خۆی بکوژێت.
شتێکە ئاسایی، کەسێک کلاون بێت، ئەوە کارەساتە کلاون بێت و خۆی هەستی پێ نەکردبێت. لە نێو دنیای نووسینی کوردیدا بە سەدان کلاون شک دەبەین، بێ ئەوەی خۆیان هەستیان بە کلاونبوونی خۆیان کردبێت. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە بڕێک لەو کلاونانە، خۆیان پێ کەلّەنووسەرە! دەزانم بەم جۆرە قسانە (دوژمن) بۆ خۆم پەیدا دەکەم، بەلاّم چی بکەم؟ ناتوانم (دۆست)ی هەموو کەس بم.
جیاوازیی نێوان مێشک و شتی دیکە ئەوەیە، شتی دیکە تا زۆر بە کاری بهێنێت، زووتر دەسوێت، وەلێ مێشک، تا زۆرتر بە کاری بهێنێت، درەنگتر دەسوێت. گەر خوازیاریت مێشکت بەردەوام چالاک بێت، پێویستە بەردەوام بیخەیە گەڕ و هەمیشە بە دوای زانیاریی نوێدا بگەڕێیت. ئەگەر نا، با تەمەنت لەژێر حەفتاشەوە بێت، هەر ئەگەری ئەوە هەیە خەلّەفابیت، خەلّەفابێت و هەستت پێ نەکردبێت، وەک چۆن ئەگەری ئەوە هەیە کلاون بیت و هەستت پێ نەکردبێت.
(ڕەنگ)یش بەشی خۆی گرنگە، ئەگەر زیاد لە پێویست بایەخ بە ڕەنگێک بدەیت، لەوە باشترە، بایەخ بە هیچ ڕەنگێک نەدەیت. بێ ئەوەی تۆ باسی خۆت کردبێت، ڕەنگە ڕەنگی پۆشاکت، تۆمان پێ بناسێنێت. شین نیشانەی دلّنیایی، هێمنی، ئازادی و شتە بێ کۆتاییەکانە. سوور، ڕەمزی ئەوین و شۆڕشی هەژارانە. قاوەیی، ئاماژەیە بۆ نۆستالگیا. زەرد، فێلّ و ساختەمان وەبیر دێنێتەوە. ڕەش، بە مانای خەم، قین و شەیدایی بۆ سێکس دێت. (ڕووناک)بیر حەزی لە ڕەنگی (تاریک)ە، تامەزرۆی ڕەنگی ڕەشە.

لە دەستووردا، پێویستە میللەت سەرچاوەی دەسەلاّت بێت، لە دەستووری عێراقدا شەریعەت سەرچاوەیە. دەستووری عێراق کۆتی شەریعەت دەکاتە گەردنی میللەت، دەستووری عێراق کۆپیای شەریعەتە و شەریعەتیش سووک سەرنجی ژن دەدات، دەستووری عێراق پەسەندکراوی (سیستانی)یە و (سیستانی)یش سووک سەیری کورد دەکات. ئەوی دەستووری عێراق، پەسەند بکات، ژن و کورد ڕەت دەکاتەوە، کلدان و ئاشوور ڕەت دەکاتەوە، ئێزدی و کاکەیی ڕەت دەکاتەوە.

2005. 08. 22